# شتەحەرامەکان لە ئیسلامدا
## ئامادەکردنی: شاهۆ ب. ڕۆژهەڵات

سێ شتی سەرەکی کە ئیسلام مۆری حەرامی لە سەر داون و هەتا ئەمرۆ هەموو موسڵمانان بە پیس چاویان لێدەکەن و ئەو کەسانەی کە ئەو کردەوە حەرامانە رەچاو دەکەن، بە سەزاواری جەزا و نەعلەتی خودایی دەزانن. ئەو سێ شتە ئەوانەن. مەشروباتی ئەڵکۆڵی، خواردنی گۆشتی بەراز، نێربازی یان هەمجینس‌بازی.

## مەشروباتی ئەڵکۆڵی

لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی‌دا ئەگەر بگەڕێیت، هیچ وڵاتێ نابینیەوە کە مەشروبات و ویسکی و ئارەقی لێ نەبێت. لە وڵاتانی موسڵماندا، هەموو کات پارەدارەکان و سمیڵچەورەکان لە ماڵیان شووشەی ویسکی و ئارەق دەبین‌دریت و ئەوانەی کە فەقیرن و سامان‌دار نین لە خورما و ترێ و چەوەندەر ئارەق ساز دەکەن و دەی‌خۆنەوە بۆ ئەوەی کە ماوەیەک شاد بن و بە کەیف. بگرە لە مانگی رەمەزانیش‌دا ئەو کارە کەم تا کورتێ دەگرێت.
مەحەممەد لە ئایەی 69 سورەی "النحل" دا شەراب وەک یەکێ لە نیشانەکانی خودا لە سەر ئەرز دادەنێ و دەست دەکا بە تاریف کردنی. دواتر زۆر کەس بە هۆی خواردنەوەی ئارەق مەست دەبوون و دەچوون بۆ دونیای خۆشی و بێخەیاڵی؛ کە مەحەممەد مەجبوور بوو لە ئایەی 216 سورەی "بقرە" و ئایەی 46 سورەی "النساء" تا رادەیەک نارەزایەتی خۆی دەربرێت لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە ئارەقیان دەخوێندەوە، بەڵام دیسان خەڵک گوێیان نەدایە و هەر ئارەقیان دەخواردەوە. تا ئاخریەکەی لە ئایەی 92 سورەی "المائدە" مەحەممەد بە یەکجاری مەشروب و ئارەق خواردنەوەی حەرام کرد. لەو ئایەدا ئاوا هاتووە کە:" ئەی ئەلی ئیمان! شەراب و قومار و بوت بەرەستی و ئیشەکانی شەرتبەندی هەموو پیسن و لە ئیشەکانی شەیتانن. کەوابوو لەوان دووری بکەن تا هیدایەت بن." بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەق دەخۆنەوە و بە قسەی ئەو ئایەی خودا ناکەن، لە هێندێ یاسا و شەریعەتی ئیسلامی‌دا 80 دانە قەمچی دانراوە و لە هێندێ شوێنیش جەزای ئەو کەسانەی کە هەر درێژە بە ئارەق خواردنەوە بدەن، دەبێ مەرگ بێت.
بۆ عەرەبەکانی جەزیرەی عەرەبستان خواردنەوەی شەراب و ئارەق دیاردەیەکی زۆر ئاسایی بوو و کاتێ ئیسلام ئەوەی حەرام کرد زۆر لەو ئیشەی خودا و پێغەمبەر نارەحەت بوون. عەرەبەکان شەرابیان بە شتێکی شادی‌هێنەر دەزانی و زۆر شێعری پێش هاتنی ئیسلام پڕن لە هەستی شادی، کاتی خواردنەوەی ئەڵکۆڵ لە مەیخانەکان و ئەو شوێنانەی کە مەشروبیان دەفرۆشت. بە شەراب هەڵ گوتن لە شێعردا لە نێو هیچ نەتەوەیەکدا، بە قەت نەتەوەی عەرەب نەگوتراوە و لە ئەدەبیاتی عەرەبدا ئەو شێعرانە بە "خمریە" دەناسین.
شایانی باسە کە موفەسرین و هەوادارانی ئیسلام، هەوڵیان داوە کە جیاوازییەک پێک‌بێنن لە نێوان ئەو شەرابەی کە لە دونیادا هەیە لەگەڵ ئەو شەرابەی کە خودا باسی دەکا لە بەهەشت. دەڵێن دوو جۆرە شەراب هەیە. شەرابی ئەنگووری کە ئەو شەرابە پیسەیە کە لە دونیای ئەمرۆدا زۆرە و ئیسلام حەرامی کردووە. جۆری دووهەم شەرابی مەنسووریە کە تەنیا لە بەهەشت پەیدا دەبێت و تایبەتە بە عارفان و مرۆڤە بە ئیمانەکان.

## خواردنی گۆشتی بەراز

رق و بێزاری موسڵمانان لە "بەراز" کارێکی وای کردووە کە ئەو گیان لەبەرە لە هیچ وڵاتێکی موسڵماندا ئیجازەی ژیانی پێنەدرێ و ئەگەریش ئیجازەی پێدرابێت، زۆر بە بێرێزی و پیسی و نەجسی چاوی لێدەکرێت.

لە ئایەی 3 سورەی "المائده" خودا گۆشتی بەراز حەرام دەکات. لەو ئایەتەدا هاتووە کە:" بۆ ئێوە خاوەنئیمانەکان، گۆشتی گیانلەبەری تۆپیو و خوێن و بەراز و هەر چی بە ناوی غەیرە خودا دەیکوژن، بۆ ئێوە حەرام کرا."

لە ئایەی 145 سورەی "انعام"دا دیسان لە قورئاندا نووسراوە کە:" بڵێ. لەوەی کە بە من وەحی کراوە، هیچ خۆراکێ حەرام نیە؛ جگە لە گۆشتی گیانلەبەری تۆپیوو، یان خوێنێ کە دەرژێت، یان گۆشتی بەراز، یان ئەو گیانلەبەرانەی کە بە ناوی خودا سەر نابردرێن. بەڵام کەسێ کە ئەو حەرامانە بخوات، بە بێ ئەوەی کە پێی خۆش بێت ... ." هەر وەها لە ئایەی 115 سورەی "النحل" و ئایەی 173 سورەی "بقره"ش ئاماژە بە حەرام بوونی گۆشتی بەراز کراوە.

لە ئایەی 145 سورەی "انعام" هۆی حەرام بوونی بەراز پەلید(پیس) یان بە زمانی عەرەبیەکەی "رِجْسٌ" دەنووسێت.

ئەگەر لە موسڵمانێ پرسیار بکەی کە بۆ گۆشتی بەراز ناخوات؟ زۆر زوو دەڵێ بە هۆی ئەوەی کە لە قورئاندا حەرام کراوە. هێندێ لەو موسڵمانانەی کە خۆیان بە رەوشەنبیر دەزانن لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێن کە بەراز گیانلەبەرێکی پیسە و لە وڵاتانی گەرمدا دەتوانێ کە ببێتە هۆی نەخۆشی. هێندێ جاریش موسڵمانانی زۆر زانا دێن و دەڵێن کە بەراز یەکێ لە هۆیەکانی پێکهاتنی نەخۆشی Trichinosis (پیسایی باتریشێن یان کرمی نێو گۆشتی بەراز). ئەو نەخۆشیە بە هۆی کرمێکی ئەنگەلیەوە کە لە گۆشتی نەبرژاوی بەراز دایە، دروست دەبێت و لە رێگای خواردنی گۆشتی نەبرژاوی بەرازەوە دەتوانێ بچێتە لەشی مرۆڤەوە. نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە بریتین لە: تەب، ژانی ماسوولکەکان، ژانی چاو و نائارامی. هەڵبەت بگوترێ کە ئەو نەخۆشیە، نەخۆشیەکی حاستەم نییە.

ئەوەی راستیە کە قورئان ئەم حەرام کردنەشی وەک زۆر لایەن و بەشیتری ئیسلام لە موسایی و سامێریەکان وەرگرتووە، چونکە ئەو سەردەمە کەلیمی و سامێریەکان گۆشتی بەرازیان نەدەخوارد، هەر چەن لەوە پێش دەیان خوارد. بەڵام ئەوەی کە موسڵمانان دەڵێن کە ئەوە موعجیزەی قورئانە و زانیویەتی کە بەراز ئەو نەخۆشیە تایبەتیەی لە لەش دایە؛ قسەیەکی زۆر دوور لە زانستە. چونکە هەر وەک گوترا ئەو نەخۆشیە بە وتەی زۆربەی دوکتۆرانی بواری خۆراک، نەخۆشیەکی حاستەم نییە. لە لایەکیتر هێندێ نەخۆشی هەن کە لە رێگای مانگا و مەر و بزنەوە دەکەن بە ئینسان کە زۆر لەو نەخۆشیەی بەراز خەتەرتر و ترسهێنەرترن؛ وەک تەبی Undulant کە لە مانگاوە و لە شیری پیسەوە دروست دەبێت یان تەبی Malta لە رێگای بزنەوە و نەخۆشیەکی زۆر حاستەمیتر بە نێوی Anthrax کە مەر دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی و دەتوانێ تەب و ژان و چڵک و برین لە لەشی مرۆڤدا دروست بکات.

ئەگەر بەراز گیانلەبەرێکی پیس و ناخاوێنە و دایمە لە چڵکاو و شیاکەی خۆی دایە، خۆ مریشک و بزن لەوی خاوێنتر نین. لە لای سونیەکان خواردنی بۆق و مار و مارمێلکە و

قۆری و تیمساح و وشتر و کوله ئازاد کراوه، یان له مەزهەبی شافعی و حەنبەلیدا خواردنی چەقەڵ حەلاله؛ که گۆشتی ئەو گیانلەبەرانه هەزار بەرابەر له گۆشتی بەراز پیس‌تر و چەپەڵتره. ئەدی بۆ گۆشتی ئەو گیانلەبەرانه حەرام نەبووه و تەنیا بەراز کەوتۆته بەر هێرشی یاساکانی ئیسلامی. ئەگەر ئیسلام زانیویەتی که گۆشتی بەراز نەخۆشی هێنەره و زەرەری هەیه بۆ مرۆڤ، ئەدی بۆ باسی نەخۆشیەکانی‌تر ناکات که زۆر زۆرتر له نەخۆشیەکەی بەراز حاستەمترن؟ ئەگەر خودا زانایه و ئاگاداری هەموو شتێکه؛ ئەدی بۆ باسی نەخۆشیەکانی سفلیس و کوولیەتی و تاعون ناکا که له درێژایی مێژوودا هەزاران مرۆڤیان لەبەین بردووه؟

دواتر ئەگەر بەرازەکان پیس بوون بۆچی هەوڵیان داوه که رامیان بکەن و بیان هێنه نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوه؟ مێژوناسان، مێژووی رامکردنی گیانلەبەران دەگێرنەوه بۆ 6000 تا 9000 سال پێش له دایک بوونی عیسا و یەکەم جاریش له باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا ئەنجام دراوه. ئەو بەرازانه له درێژەی مێژوودا دەکەنه رۆژهەلاتی نێوەراست و جەزیرەی عەرەبستان. به دڵنیایەوه ئەگەر گۆشتی بەراز لەو سەردەمەدا بەکار نەهاتبا نەدەگەیشته ئەو ناوچەیه. خۆ بەراز نه شیری هەیه و نه پێست و نه موو، کەوابوو تەنیا کەڵکەکەی هەر بۆ گۆشتەکەی بووه.
ئەمرۆ هەموو وڵاتانی مەسیحی و زۆربەی وڵاتانی غەیره موسڵمان گۆشتی بەراز دەخۆن و به دڵنیایەوه ئەگەر پسپۆرانی بواری خۆراک بیانزانیبا که ئەو گۆشته زەرەری هەیه، دونیایان لەو زەرەره ئاگادار دەکرد. بەلام به پێچەوانەی بیرۆکەی ئیسلام، ئەمرۆ کۆمەڵگای ئینسانی کەڵکی خۆی له گۆشتی بەراز وەردەگرێت و زۆریشیان پێخۆشه.
مەحەممەد به حەرام کردنی گۆشتی بەراز سنوورێکی دانا له نێوان شێوەی خۆراکی موسڵمانان لەگەڵ دینەکان و نەتەوەکانی‌تر.

## نێربازی

قورئان زۆر به توندی دژ به نێربازەکان رادەوەستێت و له کۆمەڵێ ئایەدا ئەوان به نەزان و کافر و فاسید و نابەکار ناو دەبات. بۆ زانیاری زیاتر براونه ئەو ئایەتانه. ئایەی 80 و 81 سورەی "اعراف"، ئایەی 165 سورەی "شعرا"، ئایەی 55 سورەی "النمل".
خودا له ئایەی 16 سورەی "النساء"دا به موسڵمانان دەڵێت که:" ئەگەر دوو پیاو له نێو ئێوەدا ئەو ئیشەی(نێربازی) کرد، هەر دووکیان جەزا بدەن." یان له ئایەی 166 سورەی "الشعراء" خودا تەواوی قەومی "لوت" به هۆی ئەوەی که نێرباز بوون، له بەین دەبات.
دەبینین که قورئان به توندی دژی ئەو شته رادەوەستێت و نێربازەکان به کولاو یانی نەجس دەزانێت. بەلام له هەمان کاتدا و به پێیێ ئایەی 24 سورەی"طور" قورئان باسی بەهەشت و خۆشیەکانی بەهەشت دەکا که لەوێ نێربازی به شێوەیەکی‌تر و بۆ ئیمانداران هەیه و هیچ وەک دیاردەیەکی حەرامیش چاوی لێناکرێت. له ئایەی 24 سورەی "طور"دا نووسراوه که :" و له بەهەشت کورانێکی جوان چاوەروانی (ئیمانداران) دەکەن که وەک مرواریه رەسەنەکان وان." یان له ئایەی 17 سورەی "واقعه" هاتووه که:" و ئەو کورانەی که جوانی وان هەمیشەیه و به دەستیانەوه کۆزه و پیاڵەی شەراب له خزمەت (موسڵمانان)

دان." و لە ئایەی 19 سورەی "انسان"یشدا خودا بە موسڵمانان بەڵێنی دەدا کە :" و بە (موسڵمانانی ئیماندار) کورە جوانەکان خزمەت دەکەن." ئێستا پرسیارێ دێتە پێش کە ئیشی ئەو کورە جوانانە لە بەهەشت چیە؟ ئایا ئەوان تەنیا خزمەتی ئیمانداران دەکەن یان موسڵمانان بۆشیان هەیە کە سەربەسەرێکیان لەگەڵ بکەن؟ ئەگەر مەبەست تەنیا خزمەتکردنە ئەوە بۆ خودا ئاوا تاریفی ئەو کورە جوانانە دەکات کە هەمیشە جوان دەمێنەوە و وەک مرواری وان و لە جوانیدا وەک رۆژ دەدرەوشێن؟ لە راستیدا قورئان وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە و لە حەدیس و تەفسیرەکانیشدا بە توندی همۆفیلی یاساخ کراوە. مەحەممەد نێربازی بە کردەوەیەکی ناحەز و پیس دەزانێت و جەزای وان بە ئیعدام دادەنێ. بەڵام مەحەممەد بۆ خۆی بەردەوام لەگەڵ لاوێکی عەرەب بە نێوی "دحیة بن خلیفە کلبی" کە لە نێو عەرەبەکاندا مەشهوور بوو بە جوانی، پێوەندی هەبووە. "مەلا مەحەممەد باقری مەجلیسی" لە لاپەرەی 20 ، بەرگی هەشتەمی کتێبەکەی خۆی بە نێوی "بحارالانوار فی اخبار الائمە الاطهار" نووسیویەتی کە مەحەممەد ئەمری کردبوو کە کاتێ "دحیە کلبی" لە لایەتی، کەس نەچێتە خزمەتی. ئەوەندە "دحیە کلبی" لە لای پێغەمبەر ئەزیز بوو و هێندە مەحەممەد بیری لێدەکردەوە

کە زۆر جار جبرئیل لە هەیبەتی "دحیە کلبی"دا خۆی نیشان مەحەممەد دەدا. ئەو قسەیە لە کتێبی "فضائل القرآن" ی "ابن کثیر" و کتێبی "الصابە فی تمیز الصحابە"ی " ابن حجر عسقلانی"دا ئامازەی پێکراوە.
هەر وەک گوترا کە لە ئیسلامدا جەزای نێرباز مەرگە، بەڵام لە هێندێ مەزهەبی ئیسلامی شێوەی جەزادانەکە جیاوازی هەیە؛ بۆ وێنە "ابن حنبل" باوەری بە کوشتن لە رێگەی رەجم کردنەوە هەیە. یان هێندێ لایەنیتر تەنیا قەمچی لێدان بە رەوا دەزانن و هێندێ لایەنیتر نێربازەکانیان دەسووتاند یان لە منارەی مزگەوتەکانەوە دەیانخستنە خوار.
ئەگەر ئاورێکیش بدەینەوە بۆ عەرەبستانی پێش ئیسلام، دەبینین کە نێربازی دیاردەیەکی زۆر ئاسایی بووە لە نێو ئەو کۆمەڵگایەدا. باشترین بەڵگە ئەو شێعرانەن کە شاعیرەکان بە کورە لووس و بێموو و جوانەکانیان هەڵگووتوون. بە ناوبانگترین کەس لەو بارەوە رەنگە "ابونواس" بێت کە لە کتێبی "باخی عەتراوی" کۆمەڵێ گێرانەوەی هەن بە شێعر یان لە کتێبی "هەزار و یەک شەو"دا کە چەندین حیکایەت بە لەزەتەوە باسی نێربازی دەکەن. دواتریش، دوای مردنی مەحەممەد و جێگرەکانی ئەو شتە زۆر بیندراوە. بۆ وێنە لە نێو خەلیفەکانی عەبباسی زۆر خەلیفە نێرباز بوون. وەک "الامین (خەلیفە بووە لە ساڵی 809) یان "المعتصم( خەلیفە بووە لە ساڵی 833).

Ce document à été crée avec Win2pdf disponible à http://www.win2pdf.com/fr
La version non enregistrée de Win2pdf est uniquement pour évaluation ou à usage non commercial.